**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٤٨١٣ لە ٢٠٢٢/٧/٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە مادده (٣) بڕگەی یەکەم لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٧ لە ٢٠٢١/٧/٢٨) و بەیانمان ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە هێنانە کایەی هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی (سۆران ، زاخۆ) بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە :

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ناونانی قەزای سۆران و زاخۆ بە قەزای ناوەندی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و زاخۆ**

**ماددەی (١):** ناونانی قەزای سۆران بە قەزای ناوەندی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران .

**ماددەی (٢) :** ناونانی قەزای زاخۆ بە قەزای ناوەندی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ .

**ماددەی (٣) :** ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لە رۆژی بڵاوبووەنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٥٩٧٤ لە ٢٠٢٢/٧/٢٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای بەیانمان ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ بەرێوەبەرانی گشتی و بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەبارەت بە هەمواری یەکەمی بەیانی سەرەوە بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە :

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەمواری دووەمی بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٦**

**تایبەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ بەرێوەبەرانی گشتی**

**یەکەم:** هەموار کردنی بڕگەی یەکەم /٢٥ لە بەیانی سەرەوە بەم شێوەی دەخوێندرێتەوە :

(( یەکەم: ٢٥: خەرج کردنی پارەی سوتەمەنی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان (گاز و بەنزین) و (نەوتی سپی/ تەنیا لە وەرزی زستان کە لە ١٠٠٠ هەزار لیتر تێپەر نەبێت) بەپێی پسوولەی پێداویستی بەرەچاوکردنی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ و لەسەر پێشینەی بەردەوامی فەرمانگەی تایبەتمەند .))

**دووەم :** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونییەو کاری پێدەکرێت ولە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**